گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 Issue Con2. 2025
ID No. 4431(PP 153-175)
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con2.10

توێژینەوە

# ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

**ارشد خليل اسعد /** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**بەشدار حسێن محمد/** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

لەم سەردەمەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا داناوە، کە ئەم کاریگەرییانەش هەم دەتوانین بڵێین باش و هەمیش دەتوانین بڵێین نەرێنی و خراپن، پەیدابوونی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردۆتە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لە پەخشکردنی ناوەڕۆکە میدیاییەکان بەشێوەیەکی گشتی و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەتایبەتی. ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی تۆڕە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکە لە دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی هزری لەلای جەماوەر لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین، نموونەی توێژینەوەکەش قوتابیانی کۆلێژی ئاداب لە قۆناغە جیاجیاکان، دابەشکردنی (112) فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی هەڕەمەکی چینی، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە.

لە لایەنە پراکتیکییەکەی و بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی ورد و پێویست و گەیشتن بە کۆمەڵێک ئەنجام، توێژەران ڕێبازی (ڕووپێوی)یان بەکارهێناوە بەمەبەستی زانینی ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان .

توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە، لەوانە: بەشێوەیەکی گشتی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەبووە لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها ڕۆڵی لەسەر قوتابیانی زانکۆ هەبووە لە بوونیادنانی وێنەی هزری کێشە دەربارەی کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕن لە گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

Correspondence
بەشدار حسێن محمد
Bashdar.mohammed@su.edu.krd

وەرگرتن 2025/06/15
بڵاوکردنەوە 2025/008/20

وشە سەرەکییەکان:
ڕۆڵ، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، وێنەی هزری، کێشە کۆمەڵایەتییەکان ، هەرێمی کوردستان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1- پیشەکی
دوای سەرهەڵدان و گەشەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک توانیویەتی پێگەیەکی بەرچاو بۆ خۆی داگیر بکات، ئێستا زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان کارە میدیاییەکانیان لە ڕێگەی فەیسبووک ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، زانیاری، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. فەیسبووک فۆرمێکی زیندوو و نوێیە، لەگەڵ فراوانبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەرەو تایبەتمەندبوونی فۆرمەکانی ڕاگەیاندن، پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا گەشەی کردووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە بریتیین لە ڕەهەندەکانی توێژینەوە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و پێکهێنانی وێنەی هزری، لایەنی مەیدانی و داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوە، کە تێیدا لێکۆڵینەوەیە لەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تاچەند ڕۆڵی هەیە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەلای بەکارهێنەران سەبارەت بە کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

## 2- ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە
### 2-1- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:
تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ئێستا لە هەموو شوێن و کونجێکی ئەم جیهانە جێگەی خۆی کردۆتەوە، بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش بێبەش نییە و فەیسبووک بەتەواوی کاریگەری خستۆتەسەر تاکی کورد و دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەیە، یەکەم هۆکاری خودی وەک توێژەر هەستمان بە ڕۆڵی فەیسبووک کردووە، لەسەر کولتووری کوردی بۆیە وەکوو ناونیشانی توێژینەوەکە دیارمان کردووە، هۆکاری بابەتیش ئێستا کاریگەری لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە تەواو جیهان و هەرێمی کوردستان هەیە بۆیە لای ئێمە بە گرنگ زانراوە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەنجامبدەین.

### 2-2- کێشەی توێژینەوەکە:
کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی تا چەند تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕۆڵی هەیە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات خستنەڕووی ئەو ناڕوونییەی لە ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک هەیە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕوونی کردۆتەوە.

### 2-3- گرنگیی توێژینەوەکە:
ئەم توێژینەوەیە گرنگە بەهۆی ئەوەی دەبێتە سەرچاوە و بابەتێکی نوێی ئەکادیمی کە دەخرێتە نێو کتێبخانەی کوردی و خزمەت بە توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسان دەکات، توێژەران دەتوانن لە داهاتوودا سوودی لێوەرگرن تاوەکو بتوانن توێژینەوە و لێکۆلینەوەی زیاتر و وردتر لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدەن، بە سوود وەرگرتن لەو ناوەڕۆکەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، هاوکات لەم سەرچاوە هەمەچەشنانەش کە تێیدا بەکارهاتوون. خوێنەرانیش دەتوانین سوودی لێوەرگرن و زانیاریەکانیان زیاتر و هەمەچەشن و دەوڵەمەندتر بکەن دەربارەی زانستی ڕاگەیاندن لەلایەک و بابەتی فەیسبووک، هەروەها ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەکی دیکە. هەروەها تێگەیشتن لە ڕۆڵی فەیسبووک گرنگە بۆ دەزگانی ڕاگەیاندن بۆئەوەی بتوانن وەک پلاتفۆرمێک سوودی لێ ببینن لەبڵاوکردنەوەی ناوەرۆکە میدیاییەکانیان.

### 2-4- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. زانینی ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەسەر بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان.
2. زانینی کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەسەر دروستبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.
3. زانینی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک.
4. زانینی پەیوەندی نێوان تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و وێنەی هزری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

### 2-5- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

**بە مەبەستی زیاتر خستەڕوو و ڕوونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، ئەم پرسیانە دەخەینەڕوو:**
**پرسیارەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەمانەی خوارەوە:**

1. تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تا چەند کاریگەرە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان درووست کردووە؟
2. تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تا چ ڕادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان ؟
3. ئایا پەیوەندی لە نێوان فەیسبووک و کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟
4. تاچەند تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری لەسەر بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە؟
5. تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تا چ ڕادەیەک کاریگەری خسۆتەسەر گۆڕینی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان ؟
6. تاچەند کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە بنەما بۆ دانانی یاسا و ڕینمایی تایبەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک؟

### 2-6- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

جۆری ئەم توێژینەوەیە (وەسفییە) تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە وەک ڕێکارێکی لایەنی ڕووپێوی بۆ زانینی ڕای نموونەی توێژینەوەکە، ئەم میتۆدە گونجاوە بۆ بابەتی ئەم توێژینەوە بەوپێیەی یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەری و بەشدارییەی سۆشیال میدیا لە گەیاندنی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر سەبارەت بەو بابەتانەی کە دەبنەهۆی دروستکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بۆ خستنەڕووی ڕێگەچارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لەلایەکەیترەوە.

### 2-7- کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کۆلێژی ئاداب کە ژمارەی قوتابییەکانی دەگاتە (3112) قوتابی، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەشەکانی (ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، دەروونزانی) وەرگرتنی (112) قوتابی بەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی.

### 2-8- چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1.**وێنەی هزری:** وێنەی هزری لە ئاکامی خەیاڵ لەبارەی کەسانێک، دیاردە، پرس و پێشهات، ڕووداوێک ...هتد بەشێوەی ئەرێنی یاخود نەرێنی لە مێشکی مرۆڤ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا دیدگا و ئاراستەی کەسەکە بەرامبەر بەو بابەتە بەپێی وێنەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەڕێگەی پێدانی زانیاری زانیاری بە وەرگر، دەتوانن ئەم وێنەیە دروست بکەن یاخود بیگۆڕن.

2.**ڕۆڵ:** بریتییە لەو کاریگەری و لێکەوتەیەی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی بڵاوکردنەوە و خستنەڕووی زانیاری و برگە و بابەت و ناوەرۆکی جیاجیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دواجار دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لە بیروڕا و بۆچوون و ڕەفتار و ئاراستەی وەرگر.

3.**تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک:** بریتییە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، یەکێکە لەو پلاتفۆڕمانەی خاوەنی زۆرترین بەکارهێنەرە لەسەرانسەری جیهان، بەکارهێنەر دەتوانێت بەخۆڕایی بەشداربێت لەم تۆڕە، لەڕێگەیەوە دەتوانن پەیوەندی بەیەکتر بکەن و بیروڕا و بۆچوون و سەرنجەکانیان ئاڵوگۆڕ و بڵاوبکەنەوە. هاوکات دەتوانرێت ناوەڕۆکی میدیایی لەشێوەی وتار و وێنە و ڤیدیۆ و فایل بڵاوبکرێنەوە.

4.**بوونیادنـان:** مەبەست لە چەمکی بوونیادنـان لـەم توێژینـەوەیـەدا بریتییـە لـە ڕەهەنـد و بنـەماکانی پێکهێنـانی وێنەیەک لە هزری وەرگر دەربارەی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک.

5.**هەرێمـی کوردسـتان:** لـە مـاددەی (117)ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی سـاڵی (2005) هـاتووە، هەرێمـی کوردستان قەوارە و یەکەیەکی سیاسیی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عیراقدا.

## 3- توێژینەوەکانی پێشوو:

3-1-**توێژینەوەی هێمن ئەمین شوانی(2020)** بەناونیشانی "مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە نموونە" (شوانی، 2020).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی مامەڵەی بەکارهینەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەگەڵ ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە، توێژەر میتۆدی (وەسفی – ڕووپێوی کۆمەڵایەتی)ی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم ئەو تاکانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن و لە ناوەندی شاری هەولێر نیشتەجێن، (387) کەس لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک وەک نموونەی توێژینەوە بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک:

أ. لەسەر ئاستی کۆی ئامانجەکان دەرکەوتووە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بۆتە مایەی مەترسی لەسەر بابەت و کۆڵەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

ب. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە فەیسبووک بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: جیابوونەوە، لادان و تاوان، لاوازکردنی بەها و پێوەر و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە.

ت. لەڕووی دەروونییەوە فەیسبووک بۆتە هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دروستبوونی فشاری دەروونی و بێزاری.

3-2- **توێژینەوەی مساوی، محمد طلال عباس(2019)** بەناونیشانی "ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی وێنەی هزری سەبارەت بە پرسی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانی سعودی، بە نموونە ژنانی شاری جدده لە ساڵی 2019".

توێژینەوەیەکی وەسفییە و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە ژن و کچانی شاری جددە، وەرگرتنی 103 تاک کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بەشێوەی هەڕەمەکی سادە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی وێنەی هزری سەبارەت بە پرسی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانی سعودی، گرنگترین پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کامانەن کە کاریگەرن لە پێکهاتنی وێنەی هزری، لەگەڵ زانینی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی ئەو هۆکارانە بە پێکهاتنی وێنەی هزری.

گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە:

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهێنانی وێنەی هزریی لێتوێژەران تادێت زیاتر دەبێت سەبارەت بە گرنگیدانیان بەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێنەوە.
دەرکەوتووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەنێویاندا فەیسبووک رۆڵێکی زۆر کاریگەرییان هەیە لە پێکهێنانی وێنەی هزری سەبارەت بە پرسی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانی سعودی.

3-3- **توێژینەوەی** N.Sangeetha, Mrs.J.Vanitha (2019) بەناونیشانی "کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لە بابەتەکانی پەیوەست بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی لە ناوچەی کۆیمباتۆر".

توێژینەوەیەکی وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە بۆ زانینی کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان هەیە، فۆرمی ڕاپرسی بەسەر نموونەی توێژینەوە دابەشکراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە قوتابیانی قوتابخانە ئامادەییەکانی حکومی و تایبەت لە شارۆچکەی سولوری کۆیمباتۆری هندستان کە نزیکەی 30 قوتابخانەیە. نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە 302 قوتابی پۆلی 8،9،10

ئامانجی توێژینەوەکە

أ. زانینی ڕۆڵی میدیای ئەلیکترۆنی لە پێکهێنانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی.

ب. دۆزینەوەی کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی هۆکارە دیمۆگرافییەکانی وەک ڕەگەز، شوێن، تەمەن لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

أ. بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، جیاوازی هەیە لە کاریگەری جۆری میدیای ئەلیکترۆنییەکە.

ب. قوتابییە کچەکان ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان بەرزترە بەراورد بە قوتابیانی کوڕ.

ج. قوتابیانی قوتابخانەی شارەکان ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییان بەرزترە بەراورد بە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی قوتابیانی قوتابخانەی گوندەکان.

**3-4- تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر هەوڵیداوە توێژینەوەکانی پێشوو وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەکاربهێنێت، چونکە توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدەرن بۆ توێژەر لە ڕێنماییکردن بۆ بەکارهێنانی ڕێباز و گریمانە و ڕوونکردنەوەی ئامانج و ڕێکارییە گونجاوەکان.

لەمیانەی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، لەبارەی شێوازی دانانی چوارچێوە و پەیکەری ئەم توێژینەوەیە و داڕشتنی پرسیارەکان و هەڵبژاردنی ڕێباز و ئەو کەرەستە و ئامرازانەی کە بەکارهێنراون بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەندتر دەکەن بۆئەوەی باشتر بە شێوەیەکی پراکتیکی بەو ئامانجانە بگات کە توێژینەوەکە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

ئەم توێژینەوە پێشووانەی لەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو، ژمارەیان (3) توێژینەوەیە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە سێ بواری سەرەکی کە بریتیین لە: (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێنەی هزری، پرسە کۆمەڵایەتییەکان)، توێژەر لە ڕوانگەی ڕێبازی توێژینەوە توانیویەتی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت، چونکە توێژینەوەکان ڕێبازی ڕووپێوییان پەیڕەو کردووە و فۆرمی ڕاپرسییان وەک کەرەستەیەک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. هەروەها توانراوە وەک نەخشە ڕێگایەک سوود لەم توێژینەوە پێشووانە ببینرێت لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوە.

### تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک

### 3-5- سەرهەڵدانی فەیسبووک:

فەیسبووک تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە لەسەرانسەری جیهان خەڵکانێکی زۆر ئالودەی بەکارهێنانی بوونە، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی 2004 لەلایەن قوتابیەکی زانکۆی (هارڤارد) بەناوی (مارک زوکێر بێرگ)، لەسەرەتادا تەنها لەچوارچێوەی زانکۆ و لەنێوان چەند هاوڕێیەک لەڕێگەی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرەوە نامە و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکران. لەگەڵ دوو لە هاورێکانی هەرگیز بە مێشکیاندا نەهاتبوو کە لەماوەیەکی کەمدا ئەم تۆمارە لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبێتەوە(مستەفا، 2020، ل68).

چونکە دواتر زانکۆی هارڤاردی تێپەڕاند و توانرا پەرەی پێبدرێت و زانکۆکانیتریش سودیان لێ بینی، ئێستا لەلایەن کۆمپانیای فەیسبووک وەک خاوەندارێتی بەڕێوەدەبرێت، بەکارهێنەران دەتوانن بەکارهێنەری دیکەی نوێ بۆ لیستی هاوڕێیەتی زیاد بکەن. ئەمڕۆ فەیسبووک بە یەکێک لە گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆ کەس و چین و توێژێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو تۆمارکردن بەخۆڕاییە و هەموو کەسێک دەتوانێت خۆی تۆماربکات و بەکاری بهێنێت(مەولود، 2020، ل37).

### 3-6- کاریگەریی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەسەر تاک:

فەیسبووک کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و پەیوەندیکردن، چونکە ئەندامەکانی هەوڵی بانگەشە و داڕشتنی چالاکییەکان دەدەن بەمەبەستی دانانی کاریگەری، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی کەمپین و پشتگیریکردن، گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی فەیسبووک مەرج نیە هەموو کات ئەرێنی بێت، چونکە هەندێجار بەکارهێنەرانی فەیسبووک دووچاری گرفت دەبنەوە. فەیسبووک گۆڕانکاری بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی، کلتووری، ئابووری و چەندین بواری دیکە هەبووە، لایەنە ئەرێنییەکانی فەیسبووک وەک: دۆزینەوەی هاوسەر لەنێو فەیسبووک، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێی نوێ، پەیوەندیی نێوان قوتابیان، پەیوەندیکردنی نێوان خزمان، دۆزینەوەی پەرتوک و توێژینەوەی زانستی، شارەزابوون لە کلتووری گەلانی دیکە، خستنەڕووی کلتووری کۆمەڵگەی کوردی.

فەسبووک لایەنی نەرێنیش لەخۆدەگرێت وەکو: گۆشەگیربوونی بەکارهێنەری فەیسبووک، بێزارکردنی ئەندامانی خێزان بەهۆی زۆری بەکارهێنانی فەیسبووک لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزان، هەندێکجاریش گرفتی خێزانی جیابوونەوە، دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕ و کچ کە گرفتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، گۆڕینی ڕەفتاری تاک بۆ لایەنی نەرێنی(مستەفا، 2017، ل54).

### 3-7- تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک:

فەیسبووک خاوەنی چەندین خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، گرنگترین ئەمانەن:

1. خێرایی لە گەیاندن: ئامرازێکە توانای خێرا گەیاندنی هەواڵ و گۆڕینەوەی زانیاری هەیە بەشێوەیەکی فراوان لە پرۆسەی گەیاندنی پەیام لە نێوان نێرەر و وەرگر، لەڕێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک دەتوانرێت پەیوەندی بکرێت(أمين، 2015، ل91). فەیسبووک توانیویەتی بەرگێکی جیاواز پێشکەش بە کاری ڕاگەیاندن بکات و ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە گۆڕینی سنوری ئامرازە کلاسیکەکانی ڕاگەیاندن، خێرایە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان(صادق، 2021، ل56).
2. کاریگەرە: بەهۆی بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگ و ڕەنگییەکان بۆ وێنە و ڤیدیۆ، سەکۆیەکی کاریگەرە و توانایەکی زۆری هەیە لە سەرنجراکێشانی وەرگر و بەکارهێنەرەکانی(الفيصل، 2014، ل170).
3. کارلێککاری (التفاعلية): بریتییە لە کردەیەکی دوو لایەنەی ئاڵوگۆڕکراو، یەکێکیان کار لە ئەوی دیکە دەکات و بەشێوەیەکی ڕەفتاری پێی کاریگەر دەبێت(معايته، 2013، ل11). بەمەش دەبێتەهۆی بەدیهێنانی کارلێک لە

نێوان نێرەر و وەرگر(**Aitcheson, 2003, p.96**). بەکاربەران ئازادن لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و وەڵامدانەوە و کۆمێنت نووسین و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکان(محمد، 2014، ل57).

4. پەیوەست نەبوون بە کات و شوێنێکی دیاریکراو: بەبێ پەیوەست بوون بە کات و شوێنێکی دیاریکراو دەتوانرێت سوود لە بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆژیای نوێ ببینرێت بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری(محمود، 2021، ل32).
5. جیهانیبوون: کارکردن و رووماڵکردنەکان لە میدیای نوێدا هەموو بەربەستە جوگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و چوارچێوە ناوچەییەکانی تێپەڕاندووە بۆ ژینگەیەکی جیهانی لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا(فضل، 2017، ل103).
6. سەکۆیەکە بۆ چالاکوان و شرۆڤەکار و سیاسەتمەداران و هەموو تاکێک: تابتوانن دیدگای خۆیان لەسەر پێشهات و رووداو و ناوەڕۆکی بەرنامەکان بخەنەڕوو. واتە یارمەتی وەرگر دەدات بۆ دەربڕینی هەڵوێست و بۆچوونێک سەبارەت بە هەر بابەت و پرسێک گوزارشت لە ڕای خۆیان بکەن، کە ئەمە ناتوانرێت لە ئامرازەکانیتری میدیا ئەنجام بدرێت(**Kraut Robert, 2006**).

## 4- وێنەی هزری

### 4-1- چەمک و پێناسەی وێنەی هزری:

وێنەی هزری لەئەنجامی کۆتایی تێڕوانینێکی خودی لەلای تاکەکان و کۆمەڵ دروست دەبێت بەرامبەر بەکەسێک، بیرۆکەیەک، سیستەمێک، گەلێک، پیشەیەک، ڕەگەز، دەوڵەت، دامەزراوەیەک، یان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی یان جیهانی و هەرشتێکیتر، وە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و شارەزاییەکانی پێشووی مرۆڤ لەگەڵ کارلێکی ژینگەی راستەقینە دروست دەبێت، وە وێنەی هزری زاراوەیەکی گشتییە و کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دەکات و لە میانی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، ئەم تێڕوانینە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە(الشريف، 2003، ل139).

(هوڵستی)دەڵێت: وێنەی هزری کۆمەڵێک زانین و بیروباوەڕە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو کە تاک دروستی دەکات و پارێزگاری لێ دەکات بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، لەخودی خۆی و ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت، تاک هەڵدەستێت بە ڕیزبەندیکردنی ئەم زانین و باوەڕانەو پارێزگاریکردن لە گرینگترین تایبەتمەندی، بۆئەوەی لەکاتی پێویست بیهێنێتە ئاراوە(مصطفى، 2008، ل127).

بەکارهێنانی زاراوەی(وێنەی هزری) دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی کاریگەری کاری پەیوەندی گشتی لەسەر ژیانی ئەمەریکیەکان لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، دواتر دەرچوونی کتێبی(تطوير صورة المنشاة)ی نوسەری ئەمەریکی(لی بیستول) ساڵی 1960 کاریگەری تێگەیشتنی وێنەی دامەزراوەکان لە نێوان پیاوانی کار، دواتر ئەم زاراوەیە بڵاوبۆوە و بەکارهات لە بواری بازرگانی و سیاسی و ڕاگەیاندن و پەروەردەیی(العجوة, 1983, ل3)، وێنەی هزری ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە پێکهێنانی بیرورا و دەرکردنی بڕیار و دروستکردنی ڕەفتاری تاک و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتیان هەیە. وێنەی هزری پرۆسەیەکی زانین و خودیی تاکەکانە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پشت بە وەسفکردن دەبەستێت، هەروەها هەستکردنە بە سیفات و تایبەتمەندییەکانی بابەتەکە، بەئاراستەی ئەرێنی یان نەرێنی(قطب، 2007 ، ل4).

### 4-2- دروستبوونی وێنەی هزری:

وێنەی هزری تێڕوانینێکی ڕاستە لە هزری خەڵک لە ئەزموونە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکان دروست دەبێت بە پێی ئاستی هێزی هەستکردنی هەر کەسێک، بۆیە هەموو کەسەکان وەکو یەک نین(الشمري, 2005، ل29). سەرەتا تێڕامانی بە سادەیی هەر کەسێک بە پێی باردوخە جیاجیانی خۆی دەڕوانێتە هەر بوارێک دەبێتە بنەمای تێڕوانینێکی قوڵ و لەمەوە دەبێتە سەرەتای هوشیاری، چونکە لە تێڕامانەوە جوڵەی هزری سەر

هەڵـدەدات لای ئەو كەسـە(ڕەزا, 2011، ل2). بڵاوبـوونەوەی زانیـاری لە ڕێگـای یەكێـك لە ئامرازەكـانی ڕاگەیاندنەوە وێنەی هزری لەلای تاك دروست دەكات(صالح، لەڕێگەی ئینتەرنێت).

سـەرچاوەكانی دروسـت بـونی وێـنەی هـزری لەناخـدا بـریتین لە:(خەڵكـان، بڵاوكراوەكـان، چـالاكی لەخـودی كەسەكان، ڕاگەیاندن) ناسین و تێگەیشـن لەبناغەی وێنەی هزری گرنگە بۆ چۆنیەتی دروسـتكردنی وێنەیەكی ڕوون و باش(أحمد، لەڕێگەی ئینتەرنێت).

ئەو پروپاگەنـدەیەی پەیوەنـدی بە دروسـتبوونی وێـنەی هـزری هەیە، زۆرجـار بـۆ كـاڵا و شـت و مەك وخزمەتگوزاری ڕێكلام دەكرێت بەمەبەستی دروستكردنی وێنەی هزری(عبد المحسین، لەڕێگەی ئینتەرنێت).

وێنەی هزری وێنەیەكی كارایە كە لە مێشكی مرۆڤدا لەسەر شێوەی جیا جیا دروست دەبێت، هەر وێنەیەك كە لە مێشـكدا دروسـت بێت پێی دەوترێت وێنەی هـزری، بۆ نمـوونە ئەگەر وێـنەی هـزری لەسـەر دەزگایەك دروسـت بكرێـت دەتوانرێـت بەمشـێوەیە بێـت: نـاوی دەزگـا، لۆگـۆ یـان دروشـمی، فەرمـانبەران و بەرپرسـانی، خزمەتگوزارییەكـانی كە پێشكەشـی دەكـات، فەلسـەفە و سیاسـەتی دەزگـاكە، بڕیارەكـانی، مێـژوو و دەستكەوتەكانی، جل و بەرگی فەرمانبەران، پێگەی لە خزمەتی كۆمەڵایەتی، ژیانی گشتی و سیاسەت و كۆمەڵگاو ئابوری و ئاسارەكانی لەسەر ژینگەو مروڤ....هتد(كردی، لەڕێگەی ئینتەرنێت).

### 4-3- گرنگی وێنەی هزری:

گرنگی وێنەی هزری لە دوای ئەوە دێت كە مرۆڤ زۆر جار تێگەیشتنی و شرۆڤەكردنی بۆ شتەكانی دەوروبەری هەیە ئەوەش بە پێی ئەو وێنە هزرییەی كە هەر لە سەرەتاوە لە مێشكیدا چەسپاوەو دواتر كاریگەریەكی گەورە و ڕەنگدانەوەی لە سەر ڕەوشت و قسەكانی و كردەوەكانی دەبێت، وەك قبووڵكردن و ڕەتكردنەوەی ئەوانی دیكە. هەروەها وێنەی هزری لە سەر شتەكان لە ڕێگای ئامرازەكانی گەیاندنی جەماوەری و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاودەبێتەوە(مصطفی، لەڕێگەی ئینتەرنێت).

(بولدنج) لەگرنگی پێكهێنانی وێنە لە هزری مرۆڤ دەڵێت ئەم وێنە تەحەكوم بە ڕەفتار و هەڵسوكەوت دەكات، لەچۆنیەتی ئەم ڕەفتاركردنەش مرۆڤ پشت دەبەستێت بە وێنە هزرییەكانی پێشوو، گۆڕانی ڕەفتار بەندە بە گۆڕانی وێنەی هزری(الشریف, 2003، ل140)، ئەقڵ ناتوانێت بە شێوەیەكی تەواو پارێزگاری لەوە بكات كە بینیویەتی، ئەوەی لە مێشكیدایە بە هەموو وردەكاریەكانی بە درێژایی كات دەتوانێت تەنها پارێزگاری لە هێما و وێنە بكات بەشێوەیەكی كاتی، وە دەتوانێت ئاڵوگۆڕ لەو ڕاستیانە بكات بە هۆی زانیاری وەرگیراو لەكەسانی دەوروبەری(تركستاني, 2004، ل11).

### 4-4- تایبەتمەندی و سیماكانی وێنەی هزری:

وێنەی هزری چەندین تایبەتمەندی هەیە و پێك دێت و گەشەدەكات لە چوار چێوەی ڕۆشنبیرییەكی دیاریكراو، وەكاریگەرە بە بارودۆخی دەوروبەری مرۆڤەوە، ئەم تایبەتمەندیانەش بریتین لە(الدسوقی، ل6):

1. نا ووردی (عدم الدقە): زۆربەی توێژەران پێیان وایە وێنەی هزری زۆر وورد نیە، چونكە وێنەی هزری تەنها لە كۆمەڵێك ڕا و بۆچوون دروست دەكرێت و مەرج نیە تەنها لەسەر بنەمایەكی زانستی بێت، مەرج نیە ڕەنگدانەوەی گشتگیری ڕاستەقینەی بابەتەكە بێت، بەڵام هەمیشە بەشێكی دیاریكراوی بابەتەكە لەخۆ دەگرێت، بە تایبەتی هەر كەسێك زۆربەی جاران بە پێی هەندێ زانیاری كەم بۆچوونێكی خۆی بەرامبەر بە كەسێك یان شتێكی دیكە دەستنیشان دەكات.
2. بەرگری بۆ گۆڕانكارییەكان (المقاومە للتغییر): زۆربەی جاران وێنەی هزری بەرگری لەخۆی دەكات بەرامبەر هەر گۆڕانكاریەك كە ڕوو بدات، هەروەها چەندین فاكتەری جۆراوجۆری دروستكردنی كاریگەری بۆ گۆڕینی وێنەی هزری هەن، هەندێكیان پەیوەستن بە خودی وێنەكەیەوە، هەندێكی دیكەش پەیوەستن بەو پەیامانەی مێشكی مرۆڤ وەریان دەگرێت.

3. **گشتگیری و فەرامۆشکردنی جیاوازیە تاکەکان (التعميم وتجاهل الفروق الفرديه):** وێنەی هزری زیاتر گشتگیرە، بۆ نموونە تاک هەست دەکات هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا وەکو یەکن، سەرەڕای ئەوەی هەر تاکێک چەند جیاوازییەکی خۆی هەیە لە تاکەکانی دیکە، بۆیە زۆرجار دەبینین کەسێک ڕای خۆی بەرامبەر بە کەسێکی دیکە دەردەبڕێت، یەکسەر بە پێی دەزگاکەی ئەو کەسە هەڵسەنگاندنی بۆدەکات، ئەمەش هەر چەندە لەوانەیە ئەو کەسەش زۆر جیاوازبێت لە دەزگاکەی.
4. **وێنەی هزری زۆربەی جاران بێلایەن نییە (تؤدی إلی الإدراك المتحيز):** هەر مرۆڤێک کاتێک ڕاو بۆچوونێکی خۆی بەرامبەر بە هەر بابەتێک دەستنیشان دەکات، بێگومان بە پێی خواست و هەست و ئایدیاکانی خۆیەوە دەریدەبڕێت، چونکە حەزی مرۆڤ بۆ هەر شتێک وای لێی دەکات کۆمەڵێک خاڵە باشەکانی ئەو شتەیە ڕەوچاوبکات، بۆیە دوورنیە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک خاڵی نیگەتیڤی ئەو شتەیە فەرامۆش بکات، چونکە کاریگەری حەز و سۆزی مرۆڤی لەسەر هەیە.
5. **پێشبینیکردنی ئاینده (التنبؤ بالمستقبل):** وێنەی هزری هۆکارێکی یارمەتیدەری باشە بۆ مرۆڤ تاکو بتوانێت پێشبینی هەڵوێستی کۆمەڵێک بکات، واتە هەر کەسێک لە ڕێگەی ئەو وێنەی هزری خۆیەوە دەتوانێت پێشبینی بکات بەرامبەر هەرکۆمەڵگەیەک، هەر کەسێک، بابەتێکی دیاریکراو.
6. **وێنەی هزری سنووری دیاریکراوی نییە بۆ کات یان شوێن (تخطی حدود الزمان والمكان):** لە کاتی دروستبوونی وێنەی هزری لە خەیاڵی مرۆڤ دا، هیچ سنوورێک نییە بۆکات یان شوێن یاخود ناوچە یان....هتد، تاک نەک تەنها بیر لە وڵاتی خۆی یان ناوچەی خۆی ناکات، بەڵکو هەتاکو توانای هەیە بیر لە هەمووشتێک دەکاتەوە، لێرەدا لە ڕووی کاتەوەش وێنەی هزری پەیوەست بە کاتێکی دیاریکراو نییە، بۆیە دەکرێت شێوەی وێنەی هزری بە پێی ڕابردووی مرۆڤ بێت و دەکرێت بە پێی ڕاستەقینەی ئەمڕۆبێت، یان پەیوەست بێت بە ئاینده و داهاتووش.

### 4-5-ڕۆڵی تۆڕیی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە دروستکردنی وێنەی هزری:

ئامرازەکانی میدیای نوێ و فەیسبووک بە شێوەیەکی کارا بۆ دروستکردنی وێنەی هزری بەکار دەهێنرێن(محمد، 2010) وێنە لە هزری تاک دروست دەبێت لە ئەنجامی پێشکەشکردنی پەیامێک لەڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، یاخود خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و گوێگرتن لە ڕادیۆ و سەیرکردنی شاشەکانی تەلەفزیۆن لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی دارشتنی هێمای ئەم پەیامە ڕاگەیاندنە لە هزری تاک بەرامبەر بە کەسێک، فکرەیەک، گەلێک، دەوڵەتێک یان هەرشتێکیتر(الشريف, 2003, ل141)، توانای وێنەی هزری لەسەر دیاریکردنی وێنەی جیهانی دەرەوە لە هزری خەڵک جیاوازە لەئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکیتر و تەرکیزکردن لەسەری(الشرمان, بێ ساڵ, ل2).

### 4-6-کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە باوترین شتەکانن کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە، لە ئەنجامی جیاوازی بۆچوون و کارەکتەر و کولتوور و بەها و بناغە پەروەردەییەکانەوە دروست دەبێت، وردە وردە فراوان دەبێت بۆ ناو کۆمەڵگا و دەرئەنجامەکەی لێدەکەوێتەوە زیانەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاسی بە کۆمەڵگا بەدوای خۆیدادەهێنێت. کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر هەیە وەک: (توندوتیژی، جیابوونەوە، کارکردن بە منداڵان، نایەکسانی، ڕەگەزپەرستی، هاوسەرگیریکردنی تەمەن بچووکەکان، بێکاری، هەژاری، بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، نەخوێندەواری، نزمیی ستانداردی تەندروستی، وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و کێشەی دیکە)( ammonnews ).

### 4-7- هۆکارەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی

● گۆڕانکاری بەردەوام و خێرای کۆمەڵایەتی.
● نەبوونی پەیوەندی نێوان ئەندامانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان لەگەڵ یەکتردا.
● نەبوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، و بێتوانایی کۆمەڵگا لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
● فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی سەر کۆمەڵگە.

### 4-8- چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان:

قووڵکردنەوەی شێوازی گفتوگۆ لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەر کێشەیەک کە ڕووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە لە کۆمەڵگاکاندا. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەک لەسەر بنەما زانستییەکان پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەکە هەیە بەم شێوەیە:

لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی کێشەکە، و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر کێشەکە.

هەوڵدان بۆ دەرهێنانی زیاتر لە چارەسەرێک بۆی، بە مەرجێک چارەسەرەکان لەسەر بنەمای لۆژیکی و زانستی بیرکراوە یان نالۆژیکی بنیات بنرێت و لە کۆتاییدا هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی چارەسەری دروست.

### 5- ڕێکارە مەیدانییەکانی لایەنی ڕووپێوی توێژینەوە

### 5-1-ڕواڵەتە دروستیی (صدق الظاهري)ی فۆرمی ڕاپرسی

1. دانانی فۆرمی ڕاپرسی: فۆرمەکە بەپێی پێوەر و بنەما زانستییەکان و ڕەچاوکردنی هەریەک لە ئامانج و پرسیار و گریمانەکانی توێژینەوەکە ئامادەکراوە و (21) پرسیار لە خۆدەگرێت، (6) پرسیاری گشتی لەگەڵ (15) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە.
2. پێوەری ڕاستی: توێژەر بۆ زانینی ڕستی و دروستیی ئامرازی توێژینەوەکە کاری لەسەر ڕاستیی ڕواڵەتی کردووە، بە شێوەیەک پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی فۆرمەکە خرایە بەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن (*)، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینییەکان*، لەسەر ئەو بنەمایە، ڕاستیی فۆرمەکان بە پێی هاوکێشەی (هۆڵستی) بریتییە لە:

   هاوکێشەی هۆلستی: (برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان) x 100

   برگە ڕاستەکان/ کۆی برگەکان x 100 ،

   ڕاستیی ڕواڵەتی= (52/ 57) ×100=91.22

   ڕێژەی سەدی پێوەری ڕاستێتی بۆ فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (91.22 %)، ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە.
3. ڕادەی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی: جێگیری: توێژەر پشتی بە جێگیری ناوخۆیی بەستوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرونباخ)، کە یەکێکە لە پێوەرە زانستییەکان و پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ئامرازی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکە، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکە بەهای جێگیری کردییە (0.900)، کە گەورەترە لە (0.65) و ئەمەش بەهایەکی باش دەردەخات و ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە برگە و پرسیارەکاندا.

---

(*) **ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاپرسی**

| ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاپرسی | پسپۆڕی |
|---|---|
| 1. پ.ی.د. سادق حمەغریب | زانکۆی سەلاحەددین/ ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە |
| 2. پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم مستەفا | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە |
| 3. پ.ی.د. وریا ڕۆستەم محەممەد | زانکۆی سەلاحەددین/ ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن |
| 4. پ.ی.د. ئەکرم فربدوون حمدئەمین | زانکۆی سەلاحەددین/ ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن |
| 5. پ.ی.د. ظاهر حمدامین سابیر | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن |

**5-2- داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوە**

**خشتەی (1) تایبەتە بە دیموگرافیای نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مێ | 57 | %50.9 | یەکەم |
| 2 | نێر | 55 | %49.1 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |
| | بەشی زانستی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| 1 | ڕاگەیاندن | 28 | %25 | هاو ئاستن |
| 2 | کۆمەڵناسی | 28 | %25 | |
| 3 | دەروونزانی | 28 | %25 | |
| 4 | کاری کۆمەڵایەتی | 28 | %25 | |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |
| | قوناغی خوێندن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| 1 | یەکەم | 28 | %25 | هاو ئاستن |
| 2 | دووەم | 28 | %25 | |
| 3 | سێیەم | 28 | %25 | |
| 4 | چوارەم | 28 | %25 | |
| | شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| 1 | گوند | 26 | %23.2 | سێیەم |
| 2 | ناحیە | 13 | %11.6 | چوارەم |
| 3 | قەزا | 32 | %28.6 | دووەم |
| 4 | پارێزگا | 41 | %36.6 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |
| | باری دارایی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| 1 | زۆرباش | 2 | %1.8 | پێنجەم |
| 2 | باش | 39 | %34.8 | دووەم |
| 3 | مامناوەند | 61 | %54.5 | یەکەم |
| 4 | خراپ | 7 | %6.3 | سێیەم |
| 5 | زۆر خراپ | 3 | %2.7 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 122 | %100 | |
| | باری کۆمەڵایەتی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
| 1 | سالت | 8 | %7.1 | دووەم |
| 2 | خێزاندار | 104 | %92.9 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |

خشتەی سەرەوە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، لەم ڕاپرسییەدا ڕەگەزی "مێ" لە نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (%50.9) بە پلەی یەکەم هاتووە، ڕەگەزی "نێر" بە ڕێژەی (%49.1) بە پلەی دووەم هاتووە. جیاوازی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە بەشێوەی هەڕەمەکی بۆ

قوتابیانی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین بەپێی ڕێژەی دابەشبوونیان بەسەر بەشە زانستییەكانی كۆلێژی ئاداب، فۆرمەكە بەیەكسانی بەسەر هەرچوار بەشی ڕاگەیاندن، كۆمەڵناسی، دەروونزانی و كاری كۆمەلایەتی و قۆناغەكانی یەكەم، دووەم و سێیەم و چوارەمی بەشەكان دابەشكراوە هەر بەشێك و قۆناغێك بە ڕێژەی (25%) فۆرمی پێدراوە بۆ ئەوەی یەكسانی هەبێت لە نێوان بەشەكان.

شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە بەپێی دانیشتووانی گوند، ناحیە ، قەزا پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ڕوون دەكاتەوە، بە پلەی یەكەم و ڕێژەی (36.6%) دانیشتووی پارێزگان، بە پلەی چوارەم و كۆتایی بە ڕێژەی (11.6%) دانیشتووی ناحیەن. باری دارایی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەكاتەوە و تێیدا هاتووە ئەو كەسانەی فۆرمی ڕاپرسییان بەسەر دابەشكراوە بە پلەی یەكەم و ڕێژەی (34.4%) كە دەكاتە زیاتر لە یەك لەسەر سێی نموونەی توێژینەوە باری داراییان "مامناوەند"ە، باری دارایی "زۆر خراپ" بە پلەی پێنجەم و ڕێژەی (1.8%) هاتووە. باری دارایی هەموو تاكێك ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتی گوزەران و تەواوی كایەكانی ژیان دەبێت.

ڕووباری خێزانی زۆربەی نموونەی (سالتن) و بەڕێژەی (92.9%) و دوای ئەویش ئاستی بژاردەی (خێزاندار)ە بەڕێژەی(7.1%)، بە پلەی دووەم كۆتایی دهێت، جیاوازی زۆر ئەم دوو بژاردە بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە نموونەی توێژینەوەكە پوتابیانی زانكۆن، قوتابیانیش لە قۆناغی خوێندنی زانكۆ بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ و خوێندن و تەمەنیان هكەمترین هاوسەرگیری دەكەن، بۆیە ڕێژەكە بەمشێوەیە جیاوازی هەیە لە توێژینەوەكە.

**خشتەی (2) ئامێرەكان بۆ بەكارهێنان و سەیركردنی تۆڕی كۆمەلایەتی فەیسبووك**

| ژ | ئامێرەكانی بەكارهێنانی فەیسبووك | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مۆبایلی زیرەك | 112 | %85.5 | یەكەم |
| 2 | تابلێت | 7 | %5.3 | دووەم |
| 3 | لاپتۆپ | 6 | %4.6 | سێیەم |
| 4 | دیسكتۆپ | 6 | %4.6 | چوارەم |
| | كۆی گشتی | 131 | %100 | |

خشتەی (3.2) ئاماژە بەو ئامێرانە دەكات كە بۆ بەكارهێنان و سەیركردن تۆڕی كۆمهلایەتی بەكاردەهێنرێن، زۆرترین ڕێژە (85.5%) "مۆبایلی زیرەك" بەكاردەهێنن، هەریەك لە ئامێرەكانیتر "تابلێت" بە پلەی دووەم و "لاپتۆپ" و "دیسكتۆپ" بە پلەی سێیەم هاتوون.

**خشتەی (3) ماوەی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەلایەتی فەیسبووك**

| | ماوەی بەكارهێنان بە ساڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 3-1 | 30 | %26.8 | دووەم |
| 2 | 6-4 | 48 | %42.9 | یەكەم |
| 3 | 9-7 | 27 | %24.1 | سێیەم |
| 4 | زیاتر 10 | 7 | %6.3 | چوارەم |
| | %100 | 112 | كۆی گشتی | |

ئەم ئەنجامەی لەم خشتەیەدا بەدەستهاتووە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بچووكی قەبارەی ئامێری مۆبایل و ئاسانی هەڵگرتن و گواستنەوە و بەكارهێنانی. یەكێك لە هۆكارەكانیتر ئەوەیە مۆبایل بۆ پەیوەندیكردنی تەلەفۆنی و وێنەگرتن خەڵك بەشێوەیەكی بەردەوام بەكاریدەهێنێت..

بەگوێرەی خشتەی ژمارە خشتەی (3)، زۆرینەی بەكارهێنەرانی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووك بە (48) دووبارەبوونەوە كە دەكاتە ڕێژەی (42.9%)ی نموونەكە، ڕۆژانە 4 بۆ 6 كاتژمێر سەیری فەیسبووك دەكەن و بەكاریان دەهێنن. بەشێك لەبەشداربووان كە ڕێژەی 24.1%ە، لەڕۆژێكدا حەوت كاتژمێر و زیاتریش فەیسبووك بەكاردەهێنن. بەپێی ئەنجامەكان كە لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو، ڕێژەیەكی بەرچاو لەنموونەی توێژینەوەكە ڕۆژانە ماوەیەكی باش لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی بەسەردەبەن.

**خشتەی (4) ڕێژەی تووشبوون بە كێشەی كۆمەڵایەتی لەماوەی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتیی فەیسبووك**

| ژ | ڕێژەی تووشبوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆرجار | 9 | %8 | یەكەم |
| 2 | كەمجار | 62 | %55.4 | دووەم |
| 3 | هیججار | 41 | %36.6 | سێیەم |
| | كۆی گشتی | 484 | %100 | |

بەپێی خشتەی ژمارە خشتەی (4)، تووشبوون بە كێشەی كۆمەڵایەتی لەماوەی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتیی فەیسبووك بە ڕێژەی (55.4%)ی نموونەی توێژینەوەكە كەمجار تووسی كێشەی كۆمەڵایەتیی هاتوون، بە پلەی یەكەم دێت، هاوكات زۆرجار بە پلەی سێیەم كۆتایی دێت بە ڕێژەی (8%) تووشی كێشەی كۆمەڵایەتی لە ماوەی بەكارهێنانی فەیسبووك هاتوون، كەوایە دەتوانین بڵێن زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەكە كەمجار تووشی كێشەی بوون.

**خشتەی (5) هەژماری تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووكت بەناوی كێ دروستكراوە.**

| ژ | ناوی هەژمارەكان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بە ناوی خۆم | 89 | %79.5 | یەكەم |
| 2 | نازناو | 16 | %14.2 | دووەم |
| 3 | بە ناوی كەسێكی نزیكی خۆم | 5 | %4.5 | سێیەم |
| 4 | بە ناوی هۆزەكەم | 0 | %0.0 | پێنجەم |
| 5 | بە ناوی خوازراو | 2 | %1.8 | چوارەم |
| | كۆی گشتی | 112 | %100 | |

لەنێو قوتابیانی زانكۆ كە نموونەی ئەم توێژینەوەیەن، وەك لەخشتەی ژمارە (5)دا خراوەتەڕوو، دورستكردنی هەژماری تۆی كۆمەڵایەتیی فیسبووك بە ناوی خۆیان زۆرترین بەكارهێنەری هەیە بە (89) دووبارەبوونەوە كەزیاتر لە ڕێژەی (79.5%)ی نموونەكە پێكدەهێنێت و دوای ئەویش لەپلەی دووەمدا نازناو دێت بە (16) دووبارەبوونەوەو ڕێژەی (14.2%)ی بەشداربووان. بەناوی هۆزەكەم بەڕێژەی (0.0%) هیچ بەكارهێنەری نییە، لەنێو قوتابیانی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین.

**خشتەی (6) بۆچی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبووک بەكاردەهێنیت؟**

| ژ | کاتژمێرەکانی سەیرکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەمتر لە 1 کاتژمێر | 41 | %36.6 | دووەم |
| 2 | 1بۆ 3 کاتژمێر | 57 | %50.9 | یەکەم |
| 3 | 4 بۆ 6 کاتژمێر | 11 | %9.8 | سێیەم |
| 4 | 7 بۆ 9 کاتژمێر | 2 | %1.8 | چوارەم |
| 5 | زیاتر لە 10 کاتژمێر | 1 | %0.9 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (6)، زۆرینەی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بە (57) دووبارەبوونەوە کە دەکاتە ڕێژەی (%50.9)ی نموونەی توێژینەوەکە، ڕۆژانە 1 بۆ 3 کاتژمێر تۆری سەیری کۆمەڵامەڵایەتیی فەیسبووک دەکەن و بەکاریان دەهێنن. تەنیا یەک نموونە لە لەبەشداربووان کە ڕێژەی (%0.9)، نموونەی توێژینەوەکە لەڕۆژێکدا 10 کاتژمێر و زیاتریش تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەکاردەهێنن. بەپێی ئەنجامەکان کە لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو، ڕێژەیەکی بەرچاو لە نموونەی توێژینەوکە ڕۆژانە ماوەیەکی باش لەسەر پلاتفۆرمەی فەیسبووک بەسەردەبەن.

**خشتەی (7) هۆكارەكانی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەلایەتیی فەیسبووک**

| ژ | هۆکارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەکارهێنانیان ئاسانە | 38 | %19.1 | دووەم |
| 2 | هەمیشە بەردەستن | 26 | %13.1 | چوارەم1 |
| 3 | دەتوانرێ لە هەموو شوێنێک بەکاربهێنرێ | 20 | %10.1 | پێنجەم |
| 4 | بژاردەی جۆراوجۆر دەخاتە بەردەست | 31 | %15.6 | سێیەم |
| 5 | خێرایە لە گواستنەی زانیاری و ڕووداوەکان | 40 | %20.1 | یەکەم |
| 6 | توانای کارلێککردنی هەیە لەگەڵ بابەتەکان | 26 | %13.1 | چوارەم2 |
| 7 | لەڕێگەیەوە کورتکراوەی ڤیدیۆکانم دەست دەکەوێت | 18 | %9.0 | شەشەم |
| | کۆی گشتی | 199 | %100 | |

لە خشتەی (7) هۆکارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕوونکراوەتەوە، بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (%20.1) هۆکارەکەیان بۆ" خێرایە لە گواستنەی زانیاری و ڕووداوەکان " گەڕاندۆتەوە، بە پلەی دووەمیش هۆکاری بەکارهێنانی فەیسبووک دەگەڕێننەوە بۆ"ئاسانی بەرکارهێنان" بە پلەی حەوتەم و کۆتایی بەرێژەیی (%9) هۆکارەکەی بۆ دەستکەوتنی " کورتکراوەی ڤیدیۆکان " دەگەرێنەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو داتایەی کە لە خشتەی (3.2) بەدەستهاتووە دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم نموونەی توێژینەوە "مۆبایلی زیرەک" بۆ سەیرکردن تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەکاردەهێنن ، ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی ئەم خشتەیە کە خێرایە لە گواستنەوەی زانیاری و ڕووداوەکان و بەکارهێنانی ئاسانە گونجاوە.

**خشتەی (8) زیاتر بۆ کام بوار تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنیت**

| ژ | هۆکارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاگاداربوون لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگەکەمان | 59 | %26.7 | یەکەم |
| 2 | کێشەی کۆمەڵایەتی | 23 | %10.4 | شەشەم |
| 3 | بەها کۆمەڵایەتییەکان | 29 | %13.1 | چوارەم |
| 4 | پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان | 24 | %10.9 | پێنجەم |
| 5 | گەشەپێدانی هۆشیاری هرزی تاک | 31 | %14.0 | سێیەم |
| 6 | دۆزینەوەی هەلیکار | 19 | %8.6 | حەوتەم |
| 7 | تەنزئامێز و کاتبەسەربردن | 36 | %16.3 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 221 | %100 | |

لە خشتەی (8) ئەوە خراوەتەڕوو کە قوتابیانی زانکۆ بۆ چ مەبەستێک زیاتر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەکاردەهێنیت. دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (%26.7) نموونەی توێژینەوە بۆ " ئاگاداربوون لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگەکەمان" فەیسبووک بەکاردەهێنن.دواتر هۆکاری " تەنزئامێز و کاتبەسەربردن " بە پلەی دووەم و ڕێژەی (%16.3) هاتووە.. کەمترین ڕێژەش (%8.7) بۆ " دۆزینەوەی هەلیکار "تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەکاردەهێنن.

کەواتە ئەنجامی ئەم خشتەیە دەریدەخات زۆرینەی قوتابیانی زانکۆئەمەش ڕاستییەکە هەر یەکێک لەم بوارانە گرنگن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگە هەیە.

**خشتەی (9) لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداو و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پشت بەکام لەم لایەنە دەبەسترێت.**

| ژ | لایەنەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سکاڵا تۆمارکردن لە پۆلیس و دادگە | 52 | %46.4 | یەکەم |
| 2 | چارەسەرکردن لە ڕێگەی کەسانی شارەزا | 44 | %39.3 | دووەم |
| 3 | ئاگادارکردنەوەی خێزانەکەم | 9 | %8.0 | سێیەم |
| 4 | پەنابردن بۆ هاوڕێکانم | 5 | %4.5 | چوارەم |
| 5 | چارەسەری عەشایەریی | 2 | %1.8 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |

بۆ قوتابیانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە، وەک لەخشتەی ژمارە (9)دا ڕوونکراوتەوە، کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداو و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە پلەی یەکەم و ڕێژەیی (%46.4)ـی نموونەی توێژینەوەکە سکاڵا لە لایەن لە پۆلیس و دادگەکان تۆماردەکەن، چارەسەرکردن لە ڕێگەی کەسانی شارەزا، ئەوەش لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەیی (%39.3)، هاوکتا قوتابیانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی زۆر کەم بە چارەسەری عەشایەریی دەدەن لەکاتی دروستبوونی کێشەییەکی کۆمەڵایەتیی بۆیان، هۆکارەکەش بۆ گەورەنەبوون و ڕوونەدانی ڕووداوی گوشتن و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە بەشێکی زۆر کومەڵگەی کوردی هەم ئیسلامن، هەمیشە لێپێچینەوەیەکی توندی کۆمەڵایەتی بۆ کێشەکان هەیە.

**خشتەی (10) تووشبوون بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک**

| ژ | کێشەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بڵاوکردنەوەی وێنەت | 13 | %11.6 | پێنجەم |
| 2 | بڵاوکردنەوەی نامەکانت | 31 | %27.7 | یەکەم |
| 3 | داواکردنی پارە | 15 | %13.4 | چوارەم |
| 4 | سوکایەتی و گاڵتە پێکردن | 5 | %4.5 | شەشەم1 |
| 5 | هەڕەشە | 27 | %24.1 | دووەم |
| 6 | گێچەڵی سێکسی | 5 | %4.5 | شەشەم2 |
| 7 | ناوزراندن | 16 | %14.3 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |

دیارترین کێشەی کۆمەڵایەتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە، بە پلەی یەکەم و دیارترین زۆرینەی بەشداربووان تووشی کێشە "بڵاوکردنەوەی نامەکان" هاتوون بەرێژەی (%27.7) بە پلەی یەکەم هاتووە، هاوکات " ناوزراندن " یەکێکی دیکەیە لە کێشەی کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک بەرێژەی (%14.3) بە پلەی دووەم دێت، لە پلەی شەشەم و کۆتایی هەردوو کێشەی " سوکایەتی و گاڵتە پێکردن و گێچەڵی سێکسی " بە رێژەی (%4.5) دێن، بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیەک زۆرترین کێشەی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نامەکان و هەڕەشە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بەرامبەر قوتابیانی زانکۆ دەکرێن.

**خشتەی (11) لەدوای سەیرکردنی بابەتەکان چۆن کارلێک لەگەڵ بابەتەکە دەکرێت.**

| ژ | کارلێکەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | شەیرکردن | 49 | %27.1 | دووەم |
| 2 | نووسینی کۆمێنت | 36 | %19.9 | سێیەم |
| 3 | تەنها لایککردن | 64 | %35.4 | یەکەم |
| 4 | بەشداری ناکەم | 32 | %17.6 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 181 | %100 | |

لە خشتەی (11) دەریدەخات نموونەکە چۆن کارلێک لەگەڵ بابەتەکە دەکات و لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەشدار دەبێت. تەنها لەرێگەی لایککردن بە ڕێژەی (%64) لە پلەی یەکەم و بەشداری ناکەم بەرێژەی (%17.6) لە پلەی کۆتایی هاتووە. ڕێژەی زۆرینەی نموونەی توێژینەوە تەنیا لەرێگەی لایککردنەوە کارلێک لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی بابەتەکان کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بەشدار دەبن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی.

**خشتەی (12) ئەو پلاتفۆرمانەی وەکو ئاسایشی ئەلیکترۆنی (دیجیتاڵ سکویریتی) و بابەتی هۆشیاری بڵاودەکەنەوە، تاچەند دەبنە هۆی دووركەوتنەوەت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان.**

| ژ | بۆچوون | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 24 | %21.4 | دووەم |
| 2 | تارادەیەک | 75 | %67.0 | یەکەم |
| 3 | کەم | 13 | %11.6 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 112 | %100 | |
| | نێوەندی ژمێرەیی (Mean) | 2.10 | | |
| | لادانی پێوەری (Std) | 0.569 | | |

لە خشتەی (12) تایبەتە بەو پلاتفۆرمانەی کە وەکو ئاسایشی ئەلیکترۆنی (دیجیتاڵ سکویریتی) و بابەتی هۆشیاری بڵاودەکەنەوە، تاچەند دەبنە هۆی دووركەوتنەوەی نموونەی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (67%)ی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە تارادەیەک و بە پلەی دووەم و ڕێژەی (421%.) پێیانوایە ئاسایشی ئەلیکترۆنی زۆر دەبنە هۆی دورکەوتنەوە لە کێشە کۆتاییەکان. ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات ئاسایشی ئەلیکترۆنی، جێگەی بایەخی بەکارهێنەرانە، ئاستی ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەش لە ئاستێکی مامناوەندایە.

**خشتەی (13) چۆنیەتی باسکردنی کێشەکان بۆ کەسی بەرامبەر**

| ژ | شێوەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەشێوەی وێنە | 50 | %31.3 | سێیەم |
| 2 | بەشێوەی هێما | 51 | %31.9 | دووەم |
| 3 | بەشێوەی واتا | 59 | %36.8 | یەکەم |
| | کۆی گشتی | 160 | %100 | |

لەنێو قوتابیانی بەشداربوو کە نموونەی ئەم توێژینەوەیەن، وەک لەخشتەی ژمارە (13)دا خراوەتەڕوو، لەبارەی چۆنیەتی باسکردنی کێشەکان بۆ کەسی بەرامبەر بەڕێژەیی (36.6%)ی نموونەی توێژینەوەکە "بەشێوەی واتا " باسی کێشەکانیان دەکەن، هاوکات بە پلەی دووەم و سێیەم نزیل لە یەکتر نموونەی توێژینەوە بە شێوەی هێما و وێنە باسی کێشەکانیان دەکەن و گرنگی بە بەکارهێنانی وێنەی هزری دەدەن کە لەکاتی کێشەکان و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان دروست دەبێت یاخود دروست بووە، کەوایە وێنەی کێشەکان هۆکارن بۆ دورست بوونی وێنەی هزری.

**خشتەی (14) ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا**

| ژ | پاڵنەرەکان | هیچ لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | تەواو لەگەڵیدام | | نێوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێوەری (Std) | ڕێژەی لەگەڵ بوون % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | | | |
| 1 | تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان درووست کردووە | 6 | %5.4 | 10 | %8.9 | 7 | %6.3 | 65 | %58.0 | 24 | 21.4% | 3.81 | 1.044 | %76 |
| 2 | تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری هەیە لەسەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان | 11 | %9.8 | 33 | %29.5 | 29 | %25.9 | 31 | %27.7 | 8 | %7.1 | 2.93 | 1.121 | %59 |
| 3 | پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی فەیسبووک و کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە | 7 | %6.3 | 12 | %10.7 | 23 | %20.5 | 46 | %41.1 | 24 | %21.4 | 3.61 | 1.126 | %72 |
| 4 | تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەریی لەسەر بوونیادنانی وێنەی هزری لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەیە | 3 | %2.7 | 15 | %13.4 | 21 | %18.8 | 50 | %44.6 | 23 | %20.5 | 3.67 | 1.034 | %73 |
| 5 | تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری خسۆتەسەر گۆڕینی وێنەی هزری تاک لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان | 7 | %6.3 | 21 | %18.7 | 23 | %20.5 | 35 | %31.3 | 26 | 23.2 | 3.46 | 1.215 | %69 |
| 6 | کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە بنەما بۆ دانانی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک | 15 | %13.4 | 25 | %22.3 | 29 | %25.9 | 31 | %27.7 | 12 | %10.7 | 3.00 | 1.216 | %60 |
| | کۆی گشتی | ئاستی ناوەندی ژمێرەیی پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0– 1.79: زۆر لاواز)، (1.80– 2.59: لاواز)، (2.60– 3.39: مامناوەند) ، (3.40– 4.19: بەهێز)، (4.20– 5.0: زۆر بەهێز) | | | | | | | | | | 3.41 | 1.126 | %68.17 |

لە خشتەی (14) ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو پاڵنەرەکان ڕوون کراوەتەوە کە لە ئەنجامی بەکار هێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن، دەرکەوتووە لەنێو ئەو کەسانەی ڕادەی "تەواو لەگەڵیدام"یان هەڵبژاردووە " تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری خسۆتەسەر گۆڕینی وێنەی هزری تاک لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان " بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (23.2%) هاتووە، لەنێو ئەو کەسانەی ڕادەی "نازانم"یان هەڵبژاردووە " تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری هەیە لەسەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە بنەما بۆ دانانی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک " بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (25.9%) هاتوون، لە ڕادەی " هیچ لەگەڵیدانیم " کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتە بنەما بۆ دانانی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (13.4%) هاتوون

بەشێوەیەکی گشتی لە تێکرای ڕێژەی "لەگەڵبوون" دەرکەوتووە، بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (76%) نموونەی توێژینەوە پێیانوایە " تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان درووست کردووەی" و بەپلەی شەشەمبە ڕێژەی (59%) تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەری هەیە لەسەر چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان "لەگەڵ ئەوەن کە سفیسبوکک ڕۆڵی هەیە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەبارەی کێشەی کۆمەڵامەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ژێر ڕۆشنایی داتا دەستکەوتووەکانی ئەم خشتەیە دەرکەوتووە کۆی گشتی هەر یەک لە نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (3.41) و لادانی پێوەری بریتییە لە (1.126)هەروەها کۆی گشتی ڕێژەی کاریگەریی ئەرێنی بریتییە لە (68.17%)، کەواتە لە ئەنجامی ئەم خشتەیە دەرکەوتووە ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی بەرزە چونکە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام کارلێک دروست دەکات و دەبێت هۆی دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی.

**خشتەی (15) کاریگەری نەرێنیی تۆڕی کۆمەڵاەتیی فەیسبووک**

| ژ | کاریگەرییە نەرێنییەکان | هیچ کات | | تارادەیەک | | زۆر | | نیوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پیوەری (Std) | ڕێژەی کاریگەری نەرێنی% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | | | |
| 1 | دڵتەنگی و خەمۆکی | 21 | 18.8% | 65 | 58.0% | 26 | 23.2% | 2.04 | .649 | 68% |
| 2 | ڕەشبینی | 26 | 23.2% | 60 | 53.6% | 26 | 23.2% | 2.00 | .684 | 67% |
| 3 | بێ متمانەیی | 24 | 21.4% | 53 | 47.3% | 35 | 31.3% | 2.10 | .722 | 70% |
| 4 | نائاسوودەیی | 26 | 23.2% | 47 | %42.% | 39 | 34.8% | 2.12 | .756 | 71% |
| 5 | هەستکردن بە ترس | 30 | 26.8% | 39 | 34.8% | 43 | 38.4% | 2.12 | .803 | 71% |
| 6 | دروستبوونی بیری توندڕەوی و توندوتیژ | 29 | 25.9% | 43 | 38.4% | 40 | 35.7% | 2.10 | .782 | 70% |
| 7 | توڕەیی و شەڕانگێزی | 40 | 35.7% | 35 | 31.3% | 37 | 33.0% | 1.97 | .832 | 66% |
| 8 | قبوڵنەکردنی بۆچوون و بیروڕای بەرامبەر | 33 | 29.5% | 38 | 33.9% | 41 | 36.6% | 2.07 | .813 | 69% |
| 9 | قوڵبونەوە لەلایەنە نەرێنییەکانی ژیان | 29 | 25.9% | 38 | 33.9% | 45 | 40.2% | 2.14 | .804 | 71% |
| | کۆی گشتی | ئاستی ناوەندی ژمێرەیی پێوانەی لیکارت (3) بە بەکارهێنانی یاسای ناوەندی سەنگکراو / 0.66 تا 1.66 = لاواز- 1.67 تا 2.33= مامناوەند- 2.34 تا 3= بەهێز | | | | | | 1.84 | .760 | 69% |

لە خشتەی (15) ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە ڕوون کراوەتەوە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دروست دەبن، دەرکەوتووە لەنێو ئەو کەسانەی ڕادەی "تارادەیەک"یان هەڵبژاردووە " دڵتەنگی و خەمۆکی" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (58%) هاتووە، " ڕەشبینی " بە پلەی دووەم، توڕەیی و شەڕانگێزی " بە پلەی نۆیەم کۆتایی هاتووە.

لەنێو ئەو کەسانەی ڕادەی "زۆر"یان هەڵبژاردووە، " قوڵبونەوە لەلایەنە نەرێنییەکانی ژیان" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (40.2%) هاتووە، " هەستکردن بە ترس" بە پلەی دووەم، " دڵتەنگی و خەمۆکی و ڕەشبینی " بە پلەی هەشتەم و کۆتایی هاتوون.

لە نێو نموونەی توێژینەوەکە ئەوانەی ڕادەی "هیچ کاتێک"یان هەڵبژاردووە،" توڕەیی و شەڕانگێزی" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (35.7%) هاتووە، " قبوڵنەکردنی بۆچوون و بیروڕای بەرامبەر" بە پلەی دووەم، " دڵتەنگی و خەمۆکی" بە پلەی نۆیەم کۆتایی هاتوون.

لە ڕێژەی "کاریگەریی نەرێنی" دەرکەوتووە، بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (68.9%) نموونەی توێژینەوە پێیانوایە "هەستکردن بە ترس و نائاسوودەیی" کاریگەرییەکی نەرێنییە دەرهاوێشتە کێشەی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، کەمترین ڕێژەش (57.5%) "تێگەیشتن لە ئادابی گشتی" وەک کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبینن لە دەرهاوێشتەکانی پێشکەشکردنی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەگەر لەنێوان بەرزترین و نزمترین ڕێژەی "کاریگەری ئەرێنی" ڕێژەیەک وەربگرین، دەرکەوتووە ڕێژەی (66%)ی نموونەی توێژینەوە " توڕەیی و شەڕانگێزی" بەو کاریگەرییە نەرێنییە دەزانن کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییەکان لەلای تاک دروست دەبێت.

لە ژێر ڕۆشنایی داتا دەستکەوتووەکانی ئەم خشتەیە دەرکەوتووە کۆی گشتی هەر یەک لە نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (1.84) ئاستێکی مامناوەندە و لادانی پێوەری بریتییە لە (.760)، ڕێژەی کۆی گشتی کاریگەری نەرێنی بریتییە لە (69%).

کەواتە ئەنجامی ئەم خشتەیە دەریخستووە، " کاریگەری نەرێنیی تۆڕی کۆمەڵامەتیی فەیسبووک"، نموونەی توێژینەوەکە زیاتر ئاشنا ی کاریگەری نەرێنی دەبن "، "دۆزینەوەی چارەسەر و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان"، ئەمانە کۆمەڵێک دەرهاوێشتەن دەرئەنجامی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵگە بەدوای خۆیاندا دەهێنێت.

خشتەی (16) ئاستی شارەزای لە بنەماکانی بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەلایەتییەکان ، شێوازی بیرکردنەوە لە کێشەکان

| ژ | جۆری وێنەی هزری | هیچ کات | | تارادەیەک | | زۆر | | نێوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێوەری (Std) | ڕێژەی کاریگەری نەرێنی% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | | | |
| 1 | وێنەی قسەکردن و دەربڕین | 15 | %13.4 | 66 | %58.9 | 31 | %27.7 | 2.14 | 0.628 | %71 |
| 2 | وێنەی خەیاڵی لەسەر کێشەکە | 32 | %28.6 | 49 | 743.% | 31 | 27.7% | 1.99 | 0.753 | %66 |
| 3 | وێنەی پەیپێبردن ( هەستپێکردن) بۆ ڕووداوەکە | 32 | %28.5 | 60 | %53.6 | 20 | %17.9 | 1.89 | 0.676 | %63 |
| 4 | ئەو وێنەیەی لە ڕابردوو لە هزرت بووە لەسەر کێشەکان | 35 | %31.3 | 59 | %52.6 | 18 | %16.1 | 1.85 | 0.674 | %62 |
| | کۆی گشتی | | | | | | | 2.44 | 0.682 | %65.5 |

لە خشتەی (16) ئاستی شارەزای لە بنەماکانی بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەلایەتییەکان ، شێوازی بیرکردنەوەی لای نموونەی توێژینەوەکە خراوتەڕوو، لە وێنەی "قسەکردن و دەربڕین" تارادەیەک بەڕێژەی (58.9%) بە پلەیەکەم هاتووە، هاوکات لە وێنەی " خەیاڵی لەسەر کێشەکە" تارادەیەک بەڕێژەی (43.7%) زۆرترین ڕێژەی هەبوو، لەهەمانکاتدا لە وێنەی "هەستپێکردن" و وێنەی "ڕابردوو" لە هەردووکەیان تارادەیەک بەڕێژەی (53.6%) و (52.6%) بە پلەی یەکەم زۆرترین کاریگەری لە جۆری وێنەی هەزری دروستکردووە، لە ژێر ڕۆشنایی داتا دەستکەوتووەکانی ئەم خشتەیە دەرکەوتووە کۆی گشتی هەر یەک لە نێوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (2.44)ـی بەهێز و لادانی پێوەری بریتییە لە (0.682)، ڕێژەی کۆی گشتی کاریگەری جۆری وێنەی هەزری بریتییە لە (65.5%). کەواتە ئەنجامی ئەم خشتەیە دەریخستووە، ئاستی شارەزای لە بنەماکانی بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەلایەتییەکان لە ئاستێکی بەهێزدایە.

## 6- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار و سەرچاوەکان:

### 6-1- دەرئەنجام و پێشنیازەکان:

گرنگترین دەرئەنجامەکان کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- بەشێوەیەکی گشتی کێشەکان لەڕێگەی فەیسبووکەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەبووە لە هەرێمی کوردستاندا.

2- تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕۆڵی لەسەر قوتابیانی زانکۆ هەبووە لە بوونیادنانی وێنەی هزری لەسەر کێشە کۆمەلایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

3- تووشبوون بە کێشە کۆمەلایەتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی فەیسبووک پەیوەندی بەو وێنە هزرییە هەیە کە پێشتر لەلای بەکارهێنەر بوونی هەبووە.

### 6-2- پێشنیازەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەو شیکاری ئەنجامەکان، توێژەران ئەم چەند ڕاسپاردەیان خستۆتەڕوو:

1- دەرکردنی یاساو ڕێنمایی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی زیانی نەبێت بۆ سەر کۆمەڵگە.

2- دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرمی و نافەرمییەکان لەڕێگەی ماڵپەڕ و لاپەرە فەرمییەکانیانەوە هۆشیاری بدەن بە خوێنەران و بینەرانیان بەمەبەستی کەمکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و بڵاوکردنەوەی پۆست و وێنەی نەشیاو.

3-پێویستە بەکارهێنەرەکانی فەیسبووک بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرن.

### 6-3- ڕاسپاردەکان:

توێژەر لەدوای ئەم توێژینەوەیەی ئەنجامیداوە، چەند بابەتێک دەکاتە ڕاسپاردە بۆئەوەی توێژەرانی دوای خۆی توێژینەوەی زانستی لەبارەیەوە ئەنجام بدەن، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1- کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتیی قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

2- ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆ.

### 6-4- سەرچاوەکان:

- د.سامی الشريف، الصورة الذهنية، مجلة الفن الاذاعي، القاهرة، العدد 171 ، يوليو2003 ، ص139
- د.هويدا مصطفى، الدراما التليفزيونية وتكوين الصورة الذهنية عن المرأة، مجلة الفن الاذاعي، القاهرة، العدد189، يناير 2008، ص 127
- على العجوة، العلاقات العامة و الصورة الذهنية، القاهرة، عالم الكتب، 1983، ص3
- د.ميسون محمد قطب، د.فاتن فاروق عتريس، الصورة الذهنية للعلامات التجارية بين العولمة وتحديات العصر، كلية الفنون التطبيقية، جامعة حلوان، 2007 ، ص4
- محمد بديوي الشمري، صورة الجندي الأمريكي لدى الجمهور العراقي دراسة مسحيةلاتجاهات الجمهور نحو الجندى الامريكى قبل 9 نيسان 2003 وبعده، رسالة ماجستر، كلية الإعلام / جامعة بغداد، 2005، ص29
- گەیلان ڕەزا, ئاراستە بە چ ئاراستەیەك, گۆڤاری چارە, هەولێر, ژمارە 14 ، نیسانی 2011 ، ل2
- سليمان صالح، وسائل الاعلام وصناعة الصور الذهنية، عن طريق شبكة الأنترنيت، www.neelwafurat.com ، 2005/5/18
- شوانی، هێمن ئەمین. مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بە نموونە، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، (زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، 2020).
- د.مالك أحمد،مصادر بناء الصورة الذهنية المؤسسة نفسها، عن طريق شبكة الأنترنيت، www.malikalahmad.com
- (7) الشيخ جواد عبد المحسن، حديث رمضان – ج5، عن طريق شبكة الأنترنيت، www.al-aqsa.org ، 18/شباط/2012 مـ
- د. أحمد السيد كردي، العلاقات العامة و تكوين الصورة الذهنية للمنظمة، عن طريق شبكة الأنترنيت، www. kenanaonline.com ، 21 مايو 2011
- مصطفى، أهمية الإعلام في تشكيل الصورة الذهنية ، عن طريق شبكة الأنترنيت، www.arouit.com ، January،2010
- د. سامي الشريف، الصورة الذهنية، مجلة الفن الاذاعي، القاهرة، العدد 171 ، يوليو2003، ص140
- د. عبد العزيز تركستاني، دور أجهزة العلاقات العامة في تكوين الصور الذهنية، الجمعية السعودية للإعلام و الاتصال، أكتوبر2-5 /2004م، ص11
- أحمد الدسوقى، الصورة الذهنية لرجل الشرطة لدى الرأى العام المصرى، ورقة عمل، مقدمة الى وزارة الداخلية، أكاديميةمبارك للأمن، مسحوبه بالرونيو، (بدون سنه نشر)، ص6
- د. منصور عبدالله ناجى محمد، دور العلاقات العامة فى بناء الصورة الذهنية للشركات، الرسالة دكتوراه مقدمة الى مجليس الكلية التجارة، جامعة ميسور، الهند، 2010
- د. سامي الشريف، الصورة الذهنية، مجلة الفن الاذاعي، القاهرة، العدد 171 ، يوليو2003، ص141
- المقدم عديل احمد الشرمان، وسائل الاعلام والصورة الذهنية لرجل الشرطة، ورقة عمل، مقدمة الى مديرية الامن العام المملكة الأردنية الهاشمية، مسحوبة بالرونيو، (بدون سنة نشر)، ص2
- مستەفا، عەبدولخالق ئیبراهیم. ڕۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لەجەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستان، هەولێر: (تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە)، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (2020)، ل68
- مەولود، دڵان اسماعیل. بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندیە گشتیەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر: (نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە)، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (2020)، ل37.
- ڕوستم صابر مستەفا، کاریگەری فەیسبووك لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، 2017، ل54
- شاناز محمد صادق، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردنی ڕای گشتیدا سەبارەت بە خوێندنی ئەلیکترۆنی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن، 2021، ل56
- أمين، رضا. الاعلام الجديد، القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، 2015، ص91
- الفيصل، عبدالامير. دراسات فى الاعلام الالكتروني، دار الكتاب الجامعي، العين_دولة الامارات العربية المتحدة، 2014، ص170
- معایتە، خەلیل عەبدولڕەحمان. دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، و: سەڵاح سەعدی، هەولێر: چاپخانەی نارین، 2013، ل11
- محمد، ئازاد عبدالعزیز. بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن لاوانی زانکۆ و تێربوونەکانیان، هەولێر: (نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە)، زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (2014)
- محمود، پەروا عمر. ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، هەولێر: (نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (2021)

- فضل، معزة مصطفى أحمد. الاعلام الرقمى وانعكاساته على التعارف بين الحضارات، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم وتكنلوجيا، كلية علوم والاتصال، قسم الاذاعة(راديو وتلفاز) 2017، ص103

- Aitcheson, J. Lewis, D. (2003) New Media Language, London, Routledge, p.96

- Kraut Robert, et al, The Internet and Social Participation Contrasting Cross-Sectional and Longitudinal Analysis, Web page retrieved July 24, 2006 from world wide web: http://jcmc.Indiana.edu/ vollo/issue1/shklovshi - kraut.html

- N.Sangeetha, Mrs.J.Vanitha, A Study on the Impact of Electronic Media in Relation to Social Awareness among High School Students in Coimbatore District, shanlax International Journal of Education, vol.7, no. 3, 2019, pp. 16-25

- https://www.ammonnews.net/article/732853

- EJSC_Volume 2020_Issue 70_Pages 335-391

-توێژینەوەی مساوی، محمد طلال عباس دور مواقع التواصل الاجتماعي في تشكيل الصورة الذهنية تجاه قضية قيادة المرأة السعودية للسيارة دراسة ميدانية على عينة من- السيدات في مدينة جدة خلال سنة 2019

**دور الفيسبوك في بناء صور الذهنية حول المشاكل الاجتماعية في اقليم كوردستان**

**ارشد خليل اسعد**
قسم الاعلام،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،إقليم كوردستان،العراق
Arshad.asaad@su.edu.krd

**بشدار حسين محمد**
قسم الاعلام،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،إقليم كوردستان،العراق
Bashdar.mohammed@su.edu.krd

**ملخص**

في عصر التطور التكنولوجي السريع، أثر استخدام مواقع التواصل الاجتماعي على حياة الأفراد والمجتمع في بناء صور فكرية حول المشاكل الاجتماعية في إقليم كردستان، والتي يمكن القول بأن هذه التأثيرات إيجابية وسلبية، ونتيجة للتقدم التكنولوجي، اكتسبت مواقع التواصل الاجتماعي مكانة شعبية في بث المحتوى الإعلامي بشكل عام والفيسبوك بشكل خاص. تهدف هذه الدراسة إلى فهم دور موقع التواصل الاجتماعي الفيسبوك في خلق وتشكيل الصور الفكرية لدى الجمهور حول القضايا الاجتماعية من خلال توصيل المعلومات والتوعية. يتكون مجتمع البحث من طلبة جامعة صلاح الدين، وعينة البحث هي طلبة كلية الآداب في مراحل دراسية مختلفة، وتم توزيع (112) استمارة استبيان بطريقة عشوائية باللغة الصينية، والبحث من نوع الوصفي.

ومن الناحية العملية، استخدم الباحثون استطلاعات الرأي لتحديد دور الفيسبوك في بناء الصور الفكرية للمشاكل الاجتماعية.

وتوصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات علمية منها: بشكل عام كان لموقع التواصل الاجتماعي الفيسبوك تأثير سلبي على مستخدميه في إقليم كردستان، ولعب دورا لدى طلبة الجامعات في بناء صور فكرية حول المشكلة، وفي هذا الصدد تعد نتائج هذه الدراسة مهمة لفهم دور مواقع التواصل الاجتماعي في توصيل المعلومات ونشر الوعي.

**الكلمات المفتاحية:** الدور، شبكة التواصل الاجتماعي فيسبوك، الصورة الذهنية، المشاكل الاجتماعية، إقليم كردستان

**The Role of Facebook in Creating Mental Images on Social Problems in KRI**

**Arshad Khaleel Asaad**
Department of Media, College of Arts
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Arshad.asaad@su.edu.krd

**Bashdar Huseein Mohammed**
Department of Media, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Bashdar.Mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

Nowadays, because of the revolution of communication and information technology, social media platforms have impacted on creating the mental images on social problems in Kurdistan Region of Iraq, as elsewhere, both positively and negatively too. The rise of new media tools has given social media platforms more role in creating and broadcasting media content in which Facebook can be mentioned as the one that has occupied the top of the list in KRI. The objective of this study in to discover the role that Facebook is playing in creating mental images to the public audiences on social problems through spreading information and rising awareness. The study surveying students of Arts College at the university of Salahaddin-Erbil as sample. It has used random methods to target 112 students by filling survey forms. The methodology, moreover, is a descriptive one in which it analyzes the collected data from filled survey forms to describe the role that Facebook has in creating the mental images on social problems. The study has been conducted and concluded that in general, the Facebook had a negative role on its users in KRI; it also had a role on university students to create mental images on social problems. The results would show the significance of the study in which it can illustrate the role that social media playing in having impact on society individuals, through spreading information and rising awareness.

**Keywords:** The role; social media; Facebook; Mental Image; Social Problems; Kurdistan Region